# له پەراوێزی بەشداریی یەکگرتوو له حکومەتی هەرێمدا
# ئایا یەکگرتوو ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دەبوو یان ..؟!

**فەهمی حەمە تۆفیق**

مەسەلەی یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان شتێك بوو دەمێکە باس و خواسی لێوە دەکرا، بەڵام قۆناغبەندیی هەنگاوەکان و گۆڕانکارییە یەك لەدوای یەکەکان لە نێوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراقدا وای کرد کە وێڕای چەندین جار بەڵێندان، پێرێ بە رەسمی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان راگەیەنرا و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێ درا. ئەوەی زۆر جێگای قسە و باس و هەواڵی دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بوو، ئەگەری بەشداریکردن و نەکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بوو لەو کابینەیەدا، چونکە وەك لە رۆژانی رابردوودا باسی لێوە کرا، یەکگرتوو بەشداریکردنەکەی بە ستبوویەوە بە جێبەجێکردنی چەند مەرجێك لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام پاش گفتوگۆ و دانوستان لەنێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوودا، بە بەیاننامەیەکی مەکتەبی سیاسی، یەکگرتوو بەشداریی خۆی راگەیاند بە دوو وەزیر.

لێرەدا ئاگەرچی لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیدا هۆکارەکانی بەشدارییەکەی خستبووە روو، بەڵام شەقامی کوردی لەسەر رایەکەی یەکگرتوو جیاواز بوون، هەندێك بەشدارییەکەیان پێ باش بوو، بەشەکەی تر مانەوەی یەکگرتوویان چاوەڕوان دەکرد لە دەرەوەی حکومەتدا وەك ئۆپۆزسیۆنێکی کارا، بەڵام ئایا کام رایان واقیعیترن و چەندە لەگەڵ دۆخی ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستاندا گونجاوترن.

سروشتی ئێستای شەقامی کوردی و چینی رۆشنبیران و لاوان بە تایبەتی چووەتە حاڵەتێکەوە کە هەمیشە رای زۆرینە لەو لایەنەدا لەگەڵ دەنگی ئۆپۆزسیۆندایە دژ بە کار و هەڵوێستەکانی حکومەت، ئەوەش کە تەنها چاوەڕێی لێ دەکرا ئەو رۆڵی ئۆپۆزسیۆنە بگێڕێت، یەکگرتوو بوو بە بنکە جەماوەرییە فروانەکەیەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا، بەتایبەت پاش ئەوەی بە سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژارنەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد و دەنگی ئۆپۆزسیۆنی بۆ پرۆژەکەی راکێشا، بۆیە خەڵکانێك چاوەڕێ بوون لەسەر بەشدارینەکردن سوور بێت، بەڵام بە بێ رەچاوکردنی خواستی یەکگرتوو و حاڵەتە تایبەتەکەی و گۆڕەپانەکەش بە گشتی.

بەڵام بەدەر لە وەڵامەکەی یەکگرتوو بۆ بەشدارییەکەی لە حکومەتدا بەندە بە رایەکی گونجاوم زانی، کەی گۆڕەپانی کوردستان دەنگێکی بەرزی پێ قبوڵ دەکرا لە بەرامبەر حکومەتی هەرێم و بە تایبەت دوو حیزبە گەورەکەی کوردستانەوە؟ چونکە هێشتا جەماوەری کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکان لەسەر ئەوە گۆش نەکراون کە ئاساییە دەنگێك هەبێت پێچەوانەی رای دەسەڵات بێت، بۆیە رەوشەکەی بە ئاقارێکی نەخوازراودا دەبرد، نە دەسەڵاتەکان جیاواز و سەربەخۆ و دوور لە واقیعی حیزبین، تا لە ژێر سایەیدا گشت لایەك بە ئازادی تەعبیر لە رای خۆی بکات، نە پێکهاتەی حکومەتەکەش لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکانە تا چەند لایەنێك لە دەسەڵات و هەندێکی تر لە دەرەوەیدا بن و ململانێی خزمەتگوزاری بکەن، بەڵکو خەریکە بەو ئاقارەدا بچێت کە یان دەبێت لەگەڵ حکومەت بێت، یان کەواتە دژی دەبێت، دژایەتیش جیاوازیی زۆرە، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنبوون، بۆیە راستەوخۆ هەڵوێستی دژایەتی دوژمنکاری دروست دەبوو و کە هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە ئۆپۆزسیۆن قسە لەسەر خاڵە لاوازەکان و دەنگی ناڕەزایی جەماوەر دەکات و بە شتە جوانەکانیش دەڵێ دەست خۆش، یان بێدەنگ دەبێت، بەڵام دژبوون لە هەموو حاڵەتەکاندا پێچەوانەی یەکتر دەبنەوە و ناسەقامگیریی ئاسایش دروست دەکات، ئەوەش لە سروشت و بەرنامەکەی یەکگرتوو زۆر دوورە.

بەڵام ئەوەی دەکرێ لەمەوپاش قسەی لەسەر بکرێت، هەڵوێستەکردنە لەسەر خاڵە لاواز و دەزگا و دامەزراوە حکومییە لاوازەکان، کە ناکرێت مادام حیزبەکان لە ناو حکومەتدان نابێ گلەیی و رەخنەیان هەبێت، ئاساییتر ئەوەیە ئەو رۆڵە بگێڕدرێتەوە بۆ جەماوەر، کە لەبەرامبەر ناعەدالەتی و بێ خزمەتی و کەم و کورتییەکاندا بێدەنگ نەبێت و بۆ حیزبەکانیش بە گشتی و بەتایبەت یەکگرتوو، ئاسایی بێت پشتگیری بکات، چونکە دەکرێت کەموکورتییەکیش لە یەکگرتووەوە هەبێت و کەسانێك گلەیی خۆیان ئاراستە بکەن.

ئەو کاتەش دەگەینە ئەو راستییەی هەموو پێکەوە دژ بە گەندەڵی و ناعەدالەتییەکان و پێکەوەش بۆ دەستخۆشی و دەست لەناو دەستی کارە چاکساز و خزمەتگوزارییەکانە.

.......................................